

# مارکسیست
# ئۆریانتالیست
# ئەنتی زایۆنیست
# ئەنتی ئیسلامیست

## ماکسیم ڕۆدنسۆن کێیە؟

ڕۆژهەڵاتناس و مێژوونووس و کۆمەڵناسی فەرەنسی (ماکسیم ڕۆدنسۆن) ساڵی 1915لە پاریس لەدایکبووە، منداڵی خێزانێکی جولەکە بووە کە پێش جەنگی جیهانیی یەکەم کۆچیان کردووە بۆ فەرەنسا. دایک و باوکی هەر لەگەڵ دامەزراندنیدا لە ساڵی 1920 ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسی بوون، دواتر لەلایەن سوپای ئەڵمانیاوە دەستگیردەکرێن و ڕادەگوازرێن بۆ پۆڵۆنیا. ڕەنگە هەر ئەمەش هۆکار بووبێت کە دواتر ڕۆدنسۆن خۆیشی دەچێتە ناو پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسییەوە.

ڕۆدنسۆن لە قوتابخانە حکومەییەکانی پاریس خوێندویەتی، ساڵی 1937یش دەچێتە سەنتەری نیشتیمانیی توێژینەوەکان. بە درێژایی ماوەی خوێندنەکەشی چەندین بڕوانامەی زانکۆیی بەدەستدەهێنێت، لەوانە بڕوانامە لە زمانە خۆرهەڵاتییەکان، بڕوانامەیەکی دیکە لە کۆمەڵناسییدا، هاوکات بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبیاتیشدا بەدەستهێناوە. ڕۆدنسۆن نزیکەی 30 زمانی زانیوە، بە زمانە کۆن و نوێیەکانەوە، ئەمە جگە لەوەی زمانی عەرەبی بە چەندین دیالێکتی جیاجیاوە زانیوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی کارکردنی خۆی لە چەندین وڵاتی عەرەبی پاش ئینتیدابی فەرەنسا لە سوریا و لوبنان، نزیکەی حەوت ساڵ (1947-1940) لە سوپای فەرەنسادا بووە لەو ناوچەیە، کە لەو ماوەیەدا زۆربەی کارەکانی ڕەنگ و بۆیەکی کۆمەڵایەتییان پێوە دیار بووە و بە ئاستێکی زۆر لەگەڵ خەڵکیدا تێکەڵاو بووە؛ وەک مامۆستا لە «صیدا» کاریکردووە و پاش ئەوەی ڕوو دەکاتە بەیروتیش سەرپەرشتیی کتێبخانەی سوێنەوارە فەرەنسییەکان لە خۆرهەڵات، لە هاتن و چوون و گەشتێکی بەردەوامدا بووە لەنێوان لوبنان، فەڵەستین، ئەردەن، سوریا و عێراقدا، ئەمەش هەلی ئەوەی لەبەردەمدا کردۆتەوە کە لە نزیکەوە ئاگاداری تایبەتمەندیی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایینیی ئەو ناوچانە بێت.

ڕۆدنسۆن گرنگییەکی گەورەی داوە بە مێژووی ئایینەکان، بەتایبەت بە ئایینی ئیسلام و بە خۆرهەڵات. لە

بەرهەمەکانی لەم بوارەدا: )سیحری ئیسلام – 1980)، (مارکسیزم و جیهانی ئیسلامی- 1972)، (محەمەد- 1961)، (ئیسلام و سەرمایەداری- 1966)، (ئیسلام؛ سیاسەت و باوەڕ- 1993).

ڕۆدنسۆن بەوە ناسرابوو کە ڕەخنەگر و دژبەری زایۆنیزم بوو، گرنگییەکی زۆری بە دۆزی فەڵەستین دەدا، لەم بوارەدا وتارێکی نایابی هەیە بە ناونیشانی «ئیسرائیل؛ کردەیەکی کۆڵۆنیالیستی؟ یان کۆڵۆنیالیستێکی نشینگەخواز- 1967)، کە ئەم وتارە لە گۆڤاری «سەردەمە مۆدێرنەکان»دا بڵاوبووەوە. دوو کتێبی دیکەشێ هەر لەم بوارەدا هەیە، یەکەمیان بە ناونیشانی (ئیسرائیل و ڕەتکردنەوەی عەرەب؛ مێژوویەکی 75 ساڵ) کە ساڵی 1968 نووسیویەتی، کتێبی دووەمیش (گەلی جولەکە یان پرسی جولەکە؟ کە ساڵی 1981 نووسیویەتی.

جێگەی ئاماژەیە ڕۆدنسۆن کاریگەرییەکی یەکجار گەورەی لەسەر بیرمەندانی عەرەب هەبووە، بەتایبەت بیرمەندە چەپەکان.

ڕۆدنسۆن هەر لە سەرەتای پێگەیشتن و لاوێتیی خۆیەوە خاوەن بیرکردنەوە و باوەڕێکی مارکسیستی بووە. باوکی لە بنەچەدا ڕوسیی بووە و دواتر کۆچی کردووە بۆ فەڕەنسا، لەوێ لەگەڵ هاوسەرەکەیدا (واتە دایکی ڕۆدنسۆن) پاش جەنگی جیهانیی دووەم، لەناو سەربازگەی نازییەکاندا ژیاون، چونکە دوو جار تاوانبار بوون لای نازییەکان، هەم لەبەرئەوەی کۆمۆنیست بوون، هەم لەبەرئەوەی جولەکە بوون. ڕۆدنسۆنی لاو ساڵی 1937 پەیوەندیی بە پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسییەوە دەکات، تا نزیکەی 20 ساڵ وەک ئەندام لەو حزبەدا دەمێنێتەوە، بەڵام پاش دەستتێوەردانی هێزەکانی سۆڤیەت لە هەنگاریا لە ساڵی 1956 بە مەبەستی لێدانی ئەو بزاڤە یاخیگەرییەی لەوێ سەریهەڵدابوو، ئیدی ڕۆدنسۆن واز لە حزب دەهێنێت.

ئەوکات پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسی لە لوتکەی هێز و نفوزی خۆیدا بوو، پاش ئەوەی بە ورەیەکی بەرزەوە لە جەنگی جیهانیی دووەم هاتبوونە دەرەوە و ڕۆڵێکی دیاریان بینیبوو لە بەرپەرچدانەوەی داگیرکاریی نازییەکان بۆ فەڕەنسا، بەجۆرێک پارتی کۆمۆنیست لە هەڵبژاردنەکانی دوای ڕزگاربوونی فەڕەنسا لە ساڵی 1944، نزیکەی (25-30%)ی دەنگەکانی بەدەستهێنا. تەنانەت کاتێک ساڵی 1958 (شارل دیگۆل) دووبارە گەڕایەوە بۆ دەسەڵات، پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسی هەر وەک یەکەم پارتی فەڕەنسا مایەوە لە ڕووی قەبارەی دەنگدەرانەوە، بەڵام لە کۆتایی شەستەکاندا بە شێوەیەکی لەسەرخۆ و لە حەفتاکانیشدا بە شێوەیەکی خێراتر ڕووی لە پاشەکشە کرد (کاتێک فرانسۆ میتران ڕەوتی سۆسیال دیموکراتی دامەزراند، بەڵام لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ساڵی 1969دا تەنها نزیکەی 5%ی دەنگەکانی بەدەستهێنا، لە بەرامبەردا کاندیدی پارتی کۆمۆنیست زیاتر لە 20%ی دەنگەکانی بەدەستهێنا و دواتر میتران لە ساڵی 1971 پارتی سۆسیالیستی فەڕەنسای دامەزراند). هاوکات سەرۆکی پێشووتری فەڕەنسا (شار دیگۆل) دەیگوت کە لەنێوان لایەنگرانی خۆی و پارتی کۆمۆنیستدا تەنها بۆشاییەکی بچووک هەیە، بەڵام میتەران، کە دیارترین ڕکابەری دیگۆل بوو لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ساڵی 1965دا، توانی ئەم واقیعە بگۆڕێت و پاش ئایاری ساڵی 1981 بووە سەرۆکی فەڕەنسا، لە یەکەم کابینەی حکومیی خۆیشیدا کۆمۆنیستەکانی بەشداریی پێکرد لە دەسەڵاتدا. ئەم بەشدارییە دەروازەیەک بوو بۆ زیاتر لاوازکردنی پارتی کۆمۆنیست، چونکە بووە بەشێک لە سیاسەتەکانی میتەران و حکومەتەکەی لەو دوو ساڵەی لە حکومەتدا بوون، ئیدی بە شێوەیەکی بەرچاو نفوز و دەسەڵاتی پارتی کۆمۆنیست ڕووی لە پاشەکشە کرد هاوشان لەگەڵ بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری لە سەردەمی میتەراندا. لەگەڵ هاتنەپێشی ڕاستە پەڕگیرەکانیشدا، کە قووڵبوونەوەی کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەی قۆستەوە.

## مارکسیستێکی سەربەخۆ

بەم شێوەیە ڕۆدنسۆن لە کاتێکدا پارتی کۆمۆنیستی بەجێهێشت کە لەوپەڕی نفوزی خۆیدا بوو، ئەویش وەک زۆرێکی دیکە لەو ڕووناکبیرانەی لەو دەمەدا حزبیان بەجێهێشت، ڕووبەڕووی هەڵمەت و هێرشێکی توند بووەوە و ماوەی چەند ساڵێک بەردەوام بوو. پاشان دۆخەکە گەڕایەوە بۆ پەیوەندییەکی هێمنتر، سەرکردایەتیی حزبیش لە کۆتایی شەستەکاندا هەوڵیدا لە ڕێگەی بەشداریپێکردنی لە چەند چالاکی و دەستەیەکی ڕۆشنبیریی نزیک لە حزبەوە، پەیوەندی لەگەڵ ڕۆدنسۆندا دروست بکاتەوە. بەڵام ڕۆدنسۆن هەرگیز بیری لەوە نەدەکردەوە وەک ئەندام جارێکی دیکە بگەڕێتەوە ناو حزب، بەڵکو خۆی تەرخانکرد بۆ کاری توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و خۆی بە «مارکسیستێکی سەربەخۆ» دادەنا. لەڕاستیدا هەر بەو شێوەیە بوو تەواوی کارە فکری و پراکتیکە سیاسییەکانی لە چوارچێوەیەکی فکری و مەبدەئییدا بوون، کە تەواو ڕەنگدانەوەی کاری مارکسیستێکی سەربەخۆ بوون. ئەو وەک بیرمەندێکی وەفادار مایەوە بۆ ئایدیا جەوهەرییەکانی مارکس و میتۆدە شیکارییەکەی، هاوکات خاوەنی هەڵوێستی تایبەتی خۆی بوو، کە هەڵقووڵاوی باوەڕ و ویژدانی خۆی بوون و لە مارکسیزم و ڕوانگەی بۆ جیهان و پرسە سەرەکییەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو.

## جولەکەیەکی دژ بە زایۆنیزم

بەوپێیەی ڕۆدنسۆن نەژادێکی جولەکەی هەیە و لە بواری خۆرهەڵاتناسییشدا کاردەکات، هەر زوو دەستیکرد بە بایەخدان بە پرسەکانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەبی، بەتایبەت ململانێی عەرەب-ئیسرائیل. باس لەوە دەکرێت کە دایک و باوکی ڕۆدنسۆن چەپ بوون و بەرهەڵستکاری بزووتنەوەی زایۆنیستی بوون، کە لە سێیەکی سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەرهەڵستکارییەکی بەرفراوان لە نێوەندە جولەکەکانی ئەورووپادا بەرامبەر زایۆنیزم هەبوو، ئەمەش هۆکاری خۆی هەبوو، بۆ نموونە هەندێک لە جولەکەکان باوەڕێکی چەپگەرا و مرۆڤدۆستانەیان هەبوو، هەندێکی دیکە پاڵپشتییان لە خواستی یەکانگیربوون دەکرد لەناو کۆمەڵگەکانی خۆرئاوای ئەورووپادا، لەگەڵ ئەوەی ئاگاداری ئەوە دەبوون کە وەک خاوەن پرۆژەیەکی دەرەکیی دەرنەکەون لەو کۆمەڵگەیانەدا، هەندێکی دیکە پاڵنەریان بۆ دژایەتیی زاینۆنیزم بریتیبوو لە باکگراوندێکی ئایینیی کە پێیان وابوو پرۆژەی سیاسیی زایۆنیزم لەگەڵ چەمکە ئایینییە باوەکانیاندا یەکنایەتەوە (کە هەتاوەکو ئێستاش چەند ڕەوتێکی



**ڕۆدنسۆن کاتێك پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسیی بەجێهێشت کە لەوپەڕی نفوزی خۆیدا بوو، ئەویش وەك زۆرێکی دیکە لەو ڕووناکبیرانەی لەو دەمەدا حزبیان بەجێهێشت، ڕووبەڕووی هەڵمەت و هێرشێکی توند بووەوە**



**ڕۆدنسۆن دووپاتی دەکاتەوە کە ئیسرائیل واقیعێکی کۆڵۆنیالیستییە، هاوکات جەختیش لەوە دەکاتەوە کە هەر چارەسەرێکی ئەو ململانێیە نابێت بە چارەسەرکردنی کێشەیەکی سیاسی و مرۆڤایەتی بێت لەسەر حسابی خوڵقاندنی کێشەیەکی نوێ**

جولەکە هەن گوزارشت لەم ئاڕاستەیە دەکەن، وەک گروپی ناتۆری کارتا، کە هەتاوەکو ئێستاش ڕەتیدەکەنەوە دان بە بوون و شەرعییەتی دەوڵەتی ئیسرائیلدا بنێن، تەنانەت ئەو ئەندامانەشیان کە لە قودسی خۆرئاواش نیشتەجێبوون هەمان هەڵوێستیان هەیە).

هەتاوەکو ساڵی 1933 و گەیشتنە دەسەڵاتی هیتلەر و ئەو پاکتاوە نەژادیی و چەوساندنەوەیەی بەرامبەر جولەکەکان کردی، بەتایبەت لە جەنگی جیهانیی دووەمدا (1939-1945)، ڕەوتی سیاسیی زایۆنیستی تەنها هەر کەمینەیەک بوو لە نێوەندی جولەکەکانی ئەورووپای خۆرئاوادا، لەم گۆشەنیگایەوە ڕۆدنسۆن پێیوایە کە پرۆژە ڕەگەزپەرستییەکەی هیتلەر بەرامبەر جولەکەکانی ئەڵمانیا و ئەو بەشانەی ئەورووپا کە داگیری دەکردن، وەک جۆگەلەیەک چوونەتە ناو ڕووباری بەرژەوەندییەکانی بزووتنەوەی سیاسیی زایۆنیزم لەناو جولەکەکانی ئەورووپادا و پاڵپشتێک بووە بۆ دەرکەوتنی ئەو بزووتنەوەیە.

بەم شێوەیە ڕۆدنسۆن، کە بە نەژاد ریشەیەکی ڕوسی هەیە (باوکی کرێکارێکی درومانی ڕووسی بووە)، پێش هەر شتێک مارکسیست بوو، لە پلەی دووەمیشدا هاووڵاتییەکی فەرەنسی بووە و هەڵگری بیروباوەڕێکی ئینتەرناسیۆنالی و مرۆڤدۆستانە بووە. لەگەڵ ئەوەی فۆکەسی خستبووە سەر کاری توێژینەوەی فکری، بەڵام بێئاگا نەبوو لە پرسە گەرمەکانی سەردەمەکەی و بەردەوام هەڵوێستی خۆی هەبوو، هەر لە جەنگی ڕزگاریی جەزائیرەوە (کە پشتیوانیی لێ دەکرد)، تا دەگات بە ململانێ و ناکۆکییەکانی عەرەب-ئیسرائیل، کە لەبەرامبەریدا ڕۆدنسۆن هەڵوێستی نەگۆڕ و مەبدەئیی خۆی هەبوو، ئەویش بەرهەڵستیی زایۆنیزم و پشتیوانیی لە گەلی نیشتیمانیی فەڵەستین بوو.

## هەڵوێستی بەرامبەر کێشەی فەڵەستین

کاتێک ڕۆدنسۆن لە ئایاری ساڵی 1966 بەشداریی کرد لە کۆڕێکی سیاسییدا، کە فیدراسیۆنی گشتیی خوێندکارانی فەڵەستین لە یادی «ڕۆژی نەکبە» و یەکێک لە هۆڵەکانی پاریسی پایتەختی فەرەنسا ڕێکیخستبوو، لەوێدا ڕۆدنسۆن هەڵویستەکانی خۆی دووپاتکردەوە بۆ چارەسەرێکی دادپەروەرانەی کێشەی فەڵەستین و بەرهەڵستیی بۆ زایۆنیزم، ئەوەبوو ڕۆدنسۆن و بەشداربووانی دیکەی کۆڕەکە، کە لەلایەن میدیا و چاپەمەنیی فەرەنسییەوە ڕووماڵ دەکرا، ڕووبەڕووی هەڵمەتێکی میدیایی توند بوونەوە لەلایەن ناوەندە زایۆنیستی و لایەنگرانیانەوە، کە قسەی نابەجێیان بە ڕۆدنسۆن دەگوت و بە «ئەو جولەکەیەی ڕقی لە خۆیەتی» وەسفیان دەکرد.



ڕۆدنسۆن لە یەکێك لە کۆڕەکانیدا

کەشوهەوای زاڵ لەو دەمی فەرەنسادا، کەشوهەوایەکی پشتیوانی ئیسڕائیل بوو لە زۆربەی ناوەند و ڕەوتە سیاسییەکان و دەزگا میدیاییەکاندا، جگە لە کۆمۆنیستەکان و مارکسیستەکان و کۆمەڵێکی کەم لەوانەی بایەخ دۆزی عەرەبی دەدەن، بە نموونە وەک ڕووناکبیران و دیپلۆماتکارە کۆنەکان، کە لە جیهانی عەرەبیدا پێگەیشتوون یان کاریان کردووە تێیدا. بەڵام ڕۆدنسۆن، وەک تاکە کەس بێزار بوو لەو هەڵمەتەی کرابووە سەری، بەڵام هەرگیز نەبووە مایەی گۆڕانی هەڵوێستەکانی. بەڵکو لە چەندین بۆنەی دیکەدا هەمان هەڵوێستی دووبارە دەکردەوە، بەتایبەت پاش شەڕی ساڵی 1967.

ئەدیب و فەیلەسوفی ناوداری فەرەنسی (ژان پۆڵ سارتەر)، لە دوای ساڵی 1965ـەوە کاریدەکرد بۆ ئامادەکردنی ژمارەیەکی تایبەت لە گۆڤارە هزرییەکەی (گۆڤاری سەردەمە مۆدێرنەکان) تایبەت بە ململانێی عەرەب-ئیسرائیل.

هەڵوێستی سارتەر لەسەر ئەم بابەتە ئاڵۆز و ناڕوون بوو، کاریگەریی هەست و سۆزی بەسەرەوە بوو، وەک خۆی لە چاوپێکەوتنێکدا باسی دەکات لەگەڵ گۆڤاری «کاروباری فەڵەستینی»، کە لە ساڵانی سەرەتای حەفتاکاندا لەلایەن سەنتەری توێژینەوەکانی فەڵەستین لە بەیروت دەردەچوو. سارتەر خواستی ئەوەی هەبوو لە ژمارەیەکی تایبەت گۆڤارەکەیدا بۆچوونی هەردوولا، واتە لایەنەی عەرەبی و ئیسرائیلی، لەسەر بابەتەکە وەربگرێت. پرۆژەی ئەم ژمارە تایبەتە بۆ ماوەیەک دواکەوت، بەتایبەت بەهۆی ترسی فەڵەستینییەکان لە زاڵکردنی بۆچوونی زایۆنیستەکان، چونکە بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤارەکە (ژاک لانزمان)، یەکێک بوو لە کەسایەتییە فەرەنسییەکانی نزیک لە بزووتنەوەی زاینۆیستی و ئیسرائیل، بەڵام دواجار ئەم ژمارەیەی گۆڤارەکە لە ناوەڕاستی ساڵی 1967دا دەرچوو، بەدەنگەوەهاتنێکی زۆری هەبوو، بەتایبەت بەهۆی جەنگەوە، چونکە جارێکی دیکە و لە ئاستێکی بەرفراواندا گەرموگوڕیی ململانێکانی عەرەب-ئیسرائیلی بیری جیهان خستەوە.

ڕۆدنسۆن تاکە بەشداربوو بوو لەم ژمارەیەدا لە دەرەوەی عەرەبەکان و ئیسرائیلییەکان و زایۆنیستەکان، بابەتەکەی ڕۆدنسۆن وتارێکی درێژ بوو بە ناونیشانی «ئیسرائیل؛ واقیعێکی کۆڵۆنیالیستی؟»، کە دواتر ئەم وتارە وەک کتێبێکی سەربەخۆ چاپکرا و بۆ چەندین زمانی جیاجیا وەرگێڕدرا. وەڵامی ڕۆدنسۆن لە وتارەکەدا بۆ ئەو نیشانەی

پرسیارەی کە لە تایتڵی وتارەکەدا دانراوە، هیچ نارۆوونییەک هەڵناگرێت، چونکە ڕۆدنسۆن دووپاتی دەکاتەوە کە ئیسرائیل واقیعێکی کۆڵۆنیالیستییە، هاوکات جەختیش لەوە دەکاتەوە کە هەر چارەسەرێکی ئەو ململانێیە نابێت بە چارەسەرکردنی کێشەیەکی سیاسی و مرۆڤایەتی بێت لەسەر حسابی خوڵقاندنی کێشەیەکی نوێ، وەک ئەو دۆخە هاوشێوەیەی لە وڵاتانی دیکەی جیهانی سێدا دەبینرێت، کە خەڵکێکی زۆر لەخۆدەگرن و هەمووشیان لە ڕێگەی داگیرکارییەی کۆڵۆنیالیستییەوە هاتوون، بۆ نموونە باشووری ئەفریقیا.

لەگەڵ ئەو هەڵوێستە ڕەخنەییە بەهێزەی سەرۆکی ئەوکاتی فەرەنسا (شارل دیگۆل) بەرامبەر دەستپێشخەریی دەوڵەتێکی عیبری دەربڕی بۆ هەڵگیرسانی شەڕ بەرامبەر دەوڵەتە عەرەبییەکان لە حوزەیرانی 1967، لەگەڵ خۆڕاگریی بەرەنگاریی فەڵەستینییەکان و پەیداکردنی بایەخێکی زیاتری سیاسی و میدیایی جیهانی، بەتایبەت پاش شەڕی (کەرامە) لە مارسی 1968، هێزە فیدایییەکان کۆنترۆڵی ڕێکخراوی ڕزگاریی فەڵەستینیان کرد لە ساڵی داهاتوودا، ئیدی بەم هۆیەوە بە شێوەیەکی توند فەزاکە لە فەرەنسا گۆڕانی بەسەردا هات، هاوشێوەی زۆرێک لە وڵاتانی ئەورووپا و جیهان، ئیدی ناوی فەڵەستین بووە ناوێکی دیار، لەکاتێکدا پێش ئەم شەڕە تا ئاستێکی زۆر ناوێکی بزر بوو لەناو جەماوەرێکی زۆری جیهاندا.

ئەمە وەهای کرد هەڵوێستی مەکسیم ڕۆدنسۆن هێندە قورس نەبێت لەسەر ئاستی تاکەکەسی، ئیدی نووسینەکانی سەبارەت بە پرسی عەرەب-ئیسرائیل ڕەواجێکی زیاتریان پەیداکرد لە فەرەنسا و جیهانی خۆرئاوا بەگشتی.

ئیدی ڕۆدنسۆن لەگەڵ ژمارەیەک لە خۆرهەڵاتناسەکانی دیکەدا، لە نموونەی (ژاک بێرک) و ژمارەیەکی دیکە لەوانەی بایەخ بە پرسی عەرەب دەدەن، بەتایبەت لایەنگرانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی جەزائیر، بەشداریی کرد لە دامەزراندنی «کۆمەڵەی توێژینەوە و کارکردن لەپێناو فەڵەستیندا»، کە ئەم کۆمەڵەیەی چەندین کۆڕی ڕێکخست و بڵاوکراوەی دەربارەی دۆخی فەڵەستین و ململانێی ناوچەی عەرەب پاش ساڵی 1967، بڵاودەکردەوە.

## بەرهەمەکانی

لە ساڵانی دواتردا، بەتایبەت پاش شۆڕشی ساڵی 1979ی ئێران، ڕۆدنسۆن چەندین کتێب و وتار بڵاودەکاتەوە لەسەر ئیسلام و بزاوتە ئیسلامییەکان و تێڕوانینی خۆرئاوا بۆ ئایینی ئیسلام و ئەم بزاوتانە.

لەم بوارەدا ڕۆدنسۆن میراتێکی دەوڵەمەندی هەیە، کە دەتوانین ئاماژە بە یەکێک لە کتێبەکانی بدەین کە وەرگێڕدراوەتە سەر چەندین زمانی جیاجیای جیهان، ئەویش کتێبی «محەمەد»ـە کە ساڵی 1961 دەرچووە. پاشان لە کۆتایی شەستەکاندا کتێبی «ئیسلام و سەرمایەداری» و «ئیسرائیل و ڕەتکردنەوەی لەلایەن عەرەبەوە؛ مێژوویەکی 75 ساڵە»ی بڵاوکردەوە. دواتر لە ساڵی 1972 کتێبی «مارکسیزم و جیهانی عەرەبی»ی بڵاوکردەوە و ساڵی 1979ش کتێبی «عەرەب»، کە لە یەکێک لە دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی فەرەنسا چاپکرا. دوای شۆڕشی ئێرانیش چەند کتێبێکی بڵاوکردەوە، لەوانە: «سەرنجراکێشیی ئیسلام» ساڵی 1980، «گەلی جولەکە یان پرسی جولەکە» ساڵی 1981، «ئیسلام؛ سیاسەت و عەقیدەت» ساڵی 1993، هەر هەمان ساڵیش کتێبی «لە فیساگۆرسەوە بۆ لینین»ی بڵاوکردەوە، هەروەها چەندین وتاری نووسیوە، لەگەڵ چەندین بابەت و کتێبی دیکە کە بەرئەنجامی گفتوگۆی دوورودرێژ بوون لەگەڵیدا، لەوانە کتێبی «لەنێوان ئیسلام و خۆرئاوادا» کە ساڵی 1998 بڵاوکرایەوە.

## سەرچاوە:

http://www.diwanalarab.com/spip.php?article1235